سەرۆک کۆمار پێشوازی لەفەرماندەی نێردەی ناتۆ لەعێراق دەکات



سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ دووشەممە ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥ لە کۆشکی بەغداد، پێشوازی لە فەرماندەی نێردەی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) لە عێراق، جەنەڕاڵ کریستۆف هێنتزی و شاندی یاوەری کرد.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتابیع کوتووە باویکردەوە،لەمیانی دیدارەکدا سەرۆک کۆمار پێرشی عێراقی دووپاتکردەوە بە بەهێزکردنی هاریکاری لەگەڵ ناتۆ لەبوارەکانی مشق و ڕاهێنان و پاڵپشتی ڕاوێژکاری وپێرەپێدانی توانای سەربازی، کەبەشدارە لەپێرەپێدانی دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق.

هەر لەدیدارەکدا پێشهاتەکانی ناوچەکە و پێویستی بەهێزکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی تاوتوێ کران، بەڕێز سەرۆک کۆمار، ئاماژەی بۆدا کە عێراق دەخێکی ئاسایش و سەقامگیری بۆخۆیەوە دەبینێت و سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنە بۆ پرۆسەیەکی دیموکراسی و ئینجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو و هەوێش دەدەین کە ئەم هەڵبژاردنانە ئازاد و دادپەروەرانە و نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی گەلی عێراق بن.

هەروەها بەڕێزیان، باسی لەبەشداریکردنی لە خولی هەشتاهەمین کۆبوونەوەی گشتی نێتۆ یەکگرتووەکان

کرد، کە لەوتارەکێیدا تیشکی خستە سەر هەوڵستەکانی عێراق سەبارەت بەپرسە ناوخێیی و نێودەوڵەتییەکان و ئاماژەشی بەسازدانی کۆنفرانسکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە گەڕانەوەی کەسانی سیڤیل لە کەمپی ئەلهەل و کەمپەکانی دەوروبەری و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن و پشتیوانی نێودەوڵەتی بە عێراق لە داخستنی ئەم دۆسێی کرد.

لەلای خێیەوە فەرماندەی نەردەی ناتۆ سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرۆک کۆمار دەربڕی بۆ ئەو پشوازییە گەرمە و ئامادەیی ناتۆی دووپاتکردەوە بۆ بەردەوامبوون لەپاپشتیکردنی عێراق لەگەڵی بەرنامەکانی مۆشق و ڕاوێژکارییەوە و بەهێزکردنی چوارچێوەی هاوبەشی هێنووکێیی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.